# گۆڕان لەنێوان گەنج و دەسەلآت دا

حمدامین خدر احمد - توێژەری کۆمەلآیەتی

**هەمیشە لەخۆم دەپرسم لەسەر ئێمەیە دەسەلآت بگۆڕێن یان دەسەلآت لەسەریەتی ئێمە بگۆڕێن ، ئەی ئێمە بەر لەئەو گۆڕین پێویستمان بەخۆگۆڕێن نی یە ؟ .**

کێشەی نێوان دەسەلآت و هاولآتیان بەگشتی ، گەنجان بەتایبەتی بۆتە کێشەیەکی هەنوکەیی ناوخۆی کوردستان ، پێوست دەکات هەلوەستەی لەسەربکرێت ، چونکە مانەوەی ئەو کێشەیەو چارەسەر نەکردنی حکومەتی هەرێم و کۆمەلگای کوردی بەرەو ئاقارێکی نادیارو هەلدێر دەبات .

گەرچی ئەو کێشەیە دوو لایەنەیە و پەیوەندیدارە بەدەسەلآت و گەنج ، وەلێ هەمیشە لەباسکردنی کێشەکاندا گەنج دەسەلآت تاوانبار دەکات ، هەموو ئەو نەهامەتیانەی گەنج ڕووبەڕووی بۆتەوە ئۆبالەکەی دەخاتە ئەستۆی دەسەلآت، سیاسەتی دەسەلآت بەمۆتیڤی سەرەکی خولقاندنی ئەو ئیشکالیاتانە وەسف دەکات ، بەلآم پێویستە بپرسین چەندە ئەم کێشانە پەیوەندیان بەدەسەلآتەوە هەیە و دەسەلآت هەولی چارەسەرکردنی نەداون ؟ لەکوێدا دەسەلآت تاوانبارە ؟ئەی چی لەسەر گەنج خۆی بووە وجێبەجێی نەکردوە ؟ ئایا هەموو ئەو ئەرکانەی لەسەر خودی گەنج بووە بەرجەستەی کردوون ؟یاخود چەندە ئەم کێشانە سەرچاوەکەی گەنجان خۆیانن ؟

بەبڕوای من تاوانبارکردنی دەسەلآت ، زانینی دەسەلآت وەك تاوانباری سەرەکی یەکەم، جگە لەخۆلادان و قەناعەت بۆخۆهێنانی گەنج هیچی تر نی یە ، چونکە هەمیشە تاکەکان لەکۆمەلگا سادەدا هۆکاری نەهامەتیەکان و کێشەکانیان دەگەڕێنەوە بۆدەرەوەی خۆیان ، هەرگیز خۆیان تاوانبار ناکەن ، ئەم خۆتاوانبار نەکردن و دەرەوە بەهۆکار زانین وادەکات دووبارە بوونەوەی ئەو کێشانە ببێتە شتێکی ئاسایی ، گەنجان بەردەوامی بەهەلەکانی خۆیان بدەن.

بۆیە لەگەل ڕووبەڕووبوونەوەی هەرکێشەیەکدا پێویستە گەنجان جارێك هیما بۆخۆیان بکەن ، جارێکی تر هیما بۆدەسەلآت ، بۆئەوەی بتوانن سەرچاوە شاراوەکانی کێشەکان ڕوون بکرێنەوە ، بەئاسانی هەولی چارەسەرکردنیان بدرێت ، بۆئەم مەبەستەش سەرەتا پێویستە لەبری دەسەلآت گەنجان خۆیان بگۆڕن ، خۆیان و ئەو ڕووداوو کێشانەی ڕووبەڕویان دەبنەوە بناسن ، بۆ ئەوەی بتوانن مامەلەیەکی تەندرووست لەگەل ئەو ڕووداوانەو دەسەلآتدا بکەن، چونکە هەموو گۆڕانێك کاتێك بەرهەم دار دەبێت و جێگەی خۆی دەگرێت کە لەتاکەوە دەست پێبکات ، لەتاکەوە سەرکەوێتە بۆسەر هەرەمی دەسەلآت ، بۆیە لەم نێوەندەدا گەنج ئەرکی ئەوەیە خۆی بگۆڕێت ، وەك سەرەتایەك بۆگۆڕینی ئەوانی ترو دەسەلآت ، چونکە تاکی هۆشیار کۆمەلگایەکی هۆشیارو دەسەلآتێکی دادپەروەر بەرهەم دێنێت ، دەبێتە سەرتایەکی باش بۆبەرجەستە بوون و دروست بوونی دەسەلآتی هاولآتی و دەولەتی هاولآتی بوون ، دەسەلآتێك بەدیدێ کەتایدا یاسا سەروەرەو گشت هاولآتیان بەیەك چاو سەیر دەکرێن ، لەیەك ئاستدا مامەلەیان لەگەلدا دەکرێت ، گەنج و پیرێك ، مندال گەورەیەك ، بەرپرسێك و کرێکارێك ، ژن و پیاوێك ....هتد یەکسان دەبن، بەپێی ئەرکەکانیان مافیان پێ دەبەخشرێت، ئەمەش دەبێتە سەرەتایەکی تازە لەگۆران و کرانەوەی کۆمەلگا بەرەوە دنیای دەرەوە ، درووست بوونی فەزایەکی ئازادانەو خۆشگوزەرانەتر بۆتاکەکان و گەنجان .

Ameeen81@yahoo.com